# زانستنامەی فەلسەفە

وەشانی پی.دی.ئێفی وتاری

## سەروەری


نووسەر: دانیەڵ فیلپۆت

وەرگێڕ: ئەروەند سالاری

هەڵەچنی: ئەروەند سالاری



فیلپۆت، دانیەڵ. «سەروەری». *زانستنامەی فەلسەفە* (بەهاری ٢٠٢٣). ئەروەند سالاری (وەرگێڕ). بەستەر= <https://zanistname.com/ck/entries/sovereignty/>.

ناونیشانی وتاری ماک لە *ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفەی ستانفۆرد*دا:

Philpott, Daniel, “Sovereignty”, *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Fall 2020 Edition), Edward N. Zalta (ed.), URL = <https://plato.stanford.edu/archives/fall2020/entries/sovereignty/>.

پەڕبەندی: ئەروەند سالاری



سەرجەم مافی ئەم بەرهەمە بۆ *زانستنامەی فەلسەفە* پارێزراوە

https://zanistname.com/

# سەروەری

دانیەڵ فیلپۆت

وەرگێڕ: ئەروەند سالاری

سـەروەری، گەرچی واتاکەی بە درێژایی مێژوو گۆڕانکاریی بەسـەردا هاتووە، هاوکات واتایەکی ناوکیی هەیە: *دەسـەڵاتی باڵا لە چوارچێوەی سـەرزەمینێکدا*. ئەمە تێگەیشتنێکی مۆدێرن لە دەسەڵاتی سیاسـییە. بگۆڕە مێژووییەکان لە سـێ ڕەهەنددا دەکرێ خوێندنەوەیان بۆ بکرێ: هەڵگری سـەروەری، ڕەهایەتیی سەروەری، و ڕەهەندە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سەروەری. دەوڵەت ئەو دامەزراوە سیاسییەیە کە سـەروەری تێیدا بەرجەستە دەبێتەوە و وێنا دەکرێت. تێکهەڵکێشـێک لە دەوڵەتەکان سیستەمێکی دەوڵەتگەلی سەروەر پێک دێنێت.

مێژووی سەروەری کە لە هەردووکی دامەزراوە سیاسییەکان و هزری سیاسیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، دەکـرێ لە ڕێگەی دوو بزاڤی بەرینەوە بێتە فامکردن. یەکەمیان گەشـەی سیسـتەمێک لە دەوڵەتگەلی سـەروەرە کە لە پەیمانی وێسـتفالیا لە ١٦٤٨ بە لوتکەی خۆی دەگات. لە هەمان سەردەمدا، سەروەری لە ڕێگەی نووسراوەکانی ماکیاڤێلی، لۆتەر، بۆدین و هۆبز لە هزری سیاسـیدا زەق دەبێتەوە. بزاڤی دووەم بەرتەسـککردنەوە و سنووردارکردنی دەوڵەتی سـەروەرە کە بەکردەیی لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم دەسـتی پێکرد و تا هەنووکە لە ڕێگەی یەکخسـتنی وڵاتانی ئەورووپی و گەشە و پتەوبوونی یاساکان و هەنگاوە کردەییەکان بۆ پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ بەردەوامە. بەرچاوترین هزری سیاسیی پەیوەندیدار لە نووسراوەکانی ڕەخنەگرانی سەروەری وەک بێرتراند دی جووڤێنێڵ و ژاک ماریتاین دەبیندرێت.

- ١. پێناسەیەک بۆ سەروەری
- ٢. سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەروەر: بیردۆز و مومارەسە
- ٣. سنووردارکردنی دەوڵەتی سەروەر: بیردۆز و مومارەسە

- ژێدەرەکان
- ژێدەرەکانی تری سەر تۆڕی ئینتەرنێت

## ١. پێناسەیەک بۆ سەرووەری

ئێرنست کانتۆرۆویچ، نووسەری سەدەکانی ناڤین، لە کتێبە بەرز و دیارەکەیدا بە ناوی *دوو جەستەی پاشا* (١٩٥٧) گۆڕانکارییەکی قووڵ لە تێگەی دەسەڵاتی سیاسی ڕاڤە و شی دەکاتەوە کە لە ماوەی سەدەکانی ناڤین هاتووەتە ئاراوە. ئەم گۆڕانکارییە کاتێک دەست پێدەکات کە تێگەی جەستەی مەسیح پەرە دەستێنێت بۆ بیرۆکە و ئایدیای دوو جەستە: یەکەم، *جەستەی سروشتی* (*corpus naturale*)، واتە پەنچکە نانی پیرۆزی[١] ناو میحراب؛ ئەوەی تر، *جەستەی عیرفانی* (*corpus mysticum*)، واتە جەستەی کۆمەڵایەتیی کڵێسە لەگەڵ پێکهاتەی بەڕێوەبەری و کارگێڕیی گرێدراوی. ئەم ئایدیایەی دووەم –کە لە ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتیی بەکۆمەڵ سەرچاوە دەگرێت کە سروشت و کرۆکێکی عیرفانیی هەرمانی هەیە– دێ ڕاگوێزرێت بۆ دامەزراوە سیاسییەکان واتە جەستە-سیاسەت[٢]. کانتۆرۆویچ لەپاشان باس لە سەرهەڵدانی تێگەی دوو جەستەی پاشا لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناڤین دەکات کە لە شانۆنامەی *ڕیچاردی دووەم*ی شێکسپیردا ڕەنگی داوەتەوە و دەکرێت بەسەر جەستە-سیاسەتی مۆدێرنی سەرەتاکان پیادە بکرێت. لە کاتێکدا جەستەی سروشتی و میرای پاشا بە مەرگی لەناو دەچوو، وەلێ وا بیر دەکرایەوە کە جەستەیەکی سەرووسروشتی و هەرمانیشی هەیە کە ناکرێت تەنانەت بە کوشتن و تیرۆر لەناو ببردرێت، چونکە دەرخەری شکۆی عیرفانی و دادپەروەریی جەستە-سیاسەت بوو. ئەو یەکە سیاسییە مۆدێرنەی لە سەرەتاکانی ئەورووپای مۆدێرن وەک یەکەی سیاسیی زاڵ سەری هەڵدا تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵەیەی دەرخەست کە کانتۆرۆویچ شیی کردەوە: کۆمەڵەیەکی یەکگرتووی تاک کە لەناو سنوورەکانی سەرزەمینی سنووردار کرابووەوە و خاوەنی کۆمەڵێک بەرژەوەندی بوو و لە لایەن دەسەڵاتێکەوە حوکم دەدرا کە لە یەکەیەکی تاکدا چڕ کرابووەوە و لە بەرەوەپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی

١. کاتۆلیکەکان باوەڕیان وایە جەستەی مەسیح لە پەنچکە نانێک دەردەکەوێت کە قەشە پەیڤەکانی مەسیح لە دوایین شێودای بەسەردا دەڵێتەوە، واتە «ئەمە جەستەی منە». -وەرگێڕ

٢. یەکەیەکی سیاسییە (وەکوو شار، قەڵەمڕەو یان دەوڵەت) کە بە جەستەی سیاسی ڕەچاو دەکرێت و ڕیشەی سەرهەڵدانیشی هەر ئەو ئایدیایەیە کە نووسەر باسی لێوە کردووە. -وەرگێڕ

حکوومەت هەڵگری سەردەستی و زاڵێتی بوو. گەرچی لە سەرەتاکانی سەردەمی مۆدێرندا پاشاکان بوون کە هەڵگری ئەم دەسەڵاتە بوون، لێ مومارەسەکەرانی دواتری ئەم دەسەڵاتە بریتی بوون لەو کەسانەی بە گوێرەی دەســتوورێک حوکمڕانییان دەکرد: نەتەوەکان، حیزبی کۆمۆنیست، دیکتاتۆرەکان، حکوومەتە میلیشــیاییەکان و حکوومەتە ئایینییەکان. یەکەی سیاسیی مۆدێرن بە ناونیشانی دەوڵەت و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکەی دەسەڵاتی ناوی واتە سەروەری ناسراوە.

ئەو گۆڕانکارییەی کانتۆرۆویچ باســی لێ کرد پێکهێنەرانەیە، چونکە سەروەری تایبەتمەندییەکی زەق و دیاریکەری سیاســەتی مۆدێرنە. هەندێ لە توێژەران بەگومانن کە تێگەیەکی جێگیر و ســەرەکی بۆ ســەروەری بوونی هەبێت. وەلێ لە ڕاستیدا پێناسەیەک هەیە کە ئەو واتا و لێکدانەوەیەی لە سەرەتای ئەورووپای مۆدێرندا لە ســەروەری کرا بپێکێت و لە ئەمەوە زۆربەی پێناسەکانی دواتری چەشنێک لەو پێناسەیەن: *دەسەڵاتی باڵا لەناو سنوورەکانی سەرزەمینێکدا*. ئەمە ئەو تایبەتمەندییەیە کە یەکەم دەوڵەتانی مۆدێرن هەیانبــوو، وەلێ پۆپەکان، ئیمپراتۆرەکان، پاشــاکان، سەرقەشــەکان و زۆربــەی بەگزادەکان و ڤاسالەکان لە سەدەکانی ناڤیندا لێی بێبەری بوون.

هەر بەشێکی پێکهێنەری ئەم پێناسەیە تیشک دەخاتە سەر لایەنەکی گرینگی ئەم تێگەیە. سەرەتا، هەڵگرێکی ســەروەری خاوەنی دەســەڵاتە. بەو واتایە کە ئەو کەس یان یەکەیە ئەو هێز و دەســەڵاتەی کــە بەڕێــوەی دەبات تەنێ زۆردارانــە و زۆرەملێیانە نییە، کە بە توانایی A بــۆ ناچارکردنی B بە ئەنجامی کارێک پێناســە دەکرێت کە بێ ئەوە ئەنجامی نەدەدا. دەســەڵات هەر ئەو شــتەیە فەیلەسووف ڕ. پ. وۆڵف بەم شێوەیە پێناسەی دەکرد: «مافی فەرمانکردن و بە گرێدراوی بەمەوە مافی فەرمانبردن» (Wolff, 1990, 20). ئــەوەی لێرەدا پڕ گرنگــە زاراوەی «ماف»ە، کە ئاماژە و دەلالەتە بە ڕەوایی و یاســاییبوون. هەڵگری ســەروەری لە چەند ســەرچاوەی دانپێدانــراوی دوولایەنەی ڕەوایی، دەســەڵات وەردەگرت: یاســای سروشتی، حوکمێکی خودایی، یاســای کەلەپووری و میراتی، دەستوورێک (یاسای بنەڕەتی)، یان تەنانەت یاسای نێونەتەوەیی. لە سەردەمی هاوچەرخدا، چەند یاسایەک هاوکات لە هەموو شوێنێک سەرچاوەی سەروەرین.

وەلێ ســەروەری گــەر بابەتێکی گرێدراو بە دەســەڵاتە، تەنیا بۆ دەســەڵات ناگەڕێتــەوە، بەڵکوو بۆ دەســەڵاتی باڵا. سەردەســتی و سەرتربوونە کە دەســتووری ئەمریکا لە پێگەیەکی بەرزتر و سەرتر لە حکوومەتی ویلایەتی پێنسیلڤانیا یاخود هەر هەڵگرێکی تری سەروەری جگە لە سەرۆک یان بەڕێوەبەری

جێبەجێکاری پۆلیس دادەنێت. هەڵگری ســەروەری سەرتر لە گشت دەسەڵاتەکانی ناو ئاقارەکانی ژێر حوکمیەتی. سەردەســتییش بۆ مۆدێرنیتە تایبەتمەندییەکی ڕەســەن و دیاریکەرە. لە ســەدەکانی ناڤیندا، دەســەڵاتە جۆراوجۆرەکان چەشنگەلێک لە حوکم و جەوازی یاســاییان بۆ دەسەڵاتەکەیان هەبوو، جا چ فیۆدالّی بێت یان بە گوێرەی یاســای کڵێســە یاخود حاڵەتی تر، لێ زۆر بەدەگمــەن وەها جەواز یان سەرچاوەیەک سەردەستیی پێ دەبەخشین.

دوایین توخمی پێکهێنەری سەروەری ســەرزەمینگەراییە کە هەروەها تایبەتمەندییەکی دەسەڵاتی سیاســی لە مۆدێرنیتەدایە. سەرزەمینگەرایی بنەواشەیەکە کە لە ڕێگەیەوە ئەندامەکانی کۆمەڵێک پێناسە دەکرێن و دیاری دەکات کە ئەندامێتییان لە نیشــتەجێبوونیان لەناو سنوورەکانی ئەو سەرزەمینە سەرچاوە دەگرێت. ئەمە بنەواشەیەکی بەهێزە، چونکە ئەندامێتی بە شێوەیەک پێناسە دەکات کە دەشێ پەیوەندیی بە شوناسەوە نەبێت. سنوورەکانی دەوڵەتێکی سەروەر دەشێ بە هیچ شێوەیەک لەخۆگری «گەل»ێک یان «نەتەوە»یەک نەبێت، بەڵکوو دەکرێ لە ڕاستیدا چەندێک لەم شوناسانە بگرێتە خۆ، هەروەک بزاڤەکانی چارەیخۆنووســینی نەتەوەیی و گێڕاندنەوەخواز[١] دەری دەخەن. زۆرتر زۆر ساکار بەهۆی هەڵکەوتنیان لەناو سنووری جوگرافیاییە کە خەڵک ســەر بە دەوڵەتێکن یان دەکەونە ژێر دەسەڵاتی حوکمڕانەکەی. لەناو ســەرزەمینێکی جوگرافیاییە کە دەسەڵاتدارانی ســەروەری مۆدێرن بە شێوەیەکی زاڵ و سەردەست خاوەن دەسەڵاتن.

ئێســتاکە ســەرزەمینگەرایی بەتەواوی بە ئەمرێکی قبووڵکراو و بەڵگەنەویســت سەیر دەکرێت و تایبەتمەندییەکی دەسەڵات لە سەرانسەری جیهانە. تەنانەت ڕێکخراوە سەروونەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان وەکوو یەکێتیی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەوڵەتگەلێک پێک دێن کە ئەندامێتییان خۆی لە خۆیدابەپێی سەرزەمینەکەیان پێناسە دەکرێت. ئەم گشتگیرێتی و جیهانگیرییەی فۆرم خاڵێکی دیاریکەری مۆدێرنیتەیە و جەخت لە پەیوەندیی ســەروەری لەگەڵ مۆدێرنیتە دەکاتەوە. گەرچی سەرزەمینگەرایی لە سەردەمگەل و شــوێنگەلی جیاواز بوونی هەبووە، بەڵام بنەواشەکانی تری ئەندامێتی وەکوو گرێدراویی خزمایەتی و بنەماڵەیی، ئایینی، خێڵی و فیۆدالّییش بایەخ و پرەستیژی مەزنیان هەبووە. دیارترین دژوازی

١. مەبەســت لە بزاڤی گێڕاندنەوەخواز بزاڤێکە لە بەشێک لە سنووری فەرمیی دەوڵەتێک کە دانیشتووانەکەی خۆیان لەو دەوڵەتە بێبەری دەکەن و شوناسی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتێکی تر (زۆربەی کات هاوسنوور) بە هاوبەش دەزانن، لەبەر هەندێ خەبات دەکەن خۆیان لە دەوڵەتی سەردەستی ئێستایان جیا بکەنەوە و خۆ بە دەوڵەتی مەبەستیان بلکێنن. -وەرگێڕ

لەگەڵ سەرزەمینگەرایی، هۆزێکی ڕەوەندە کە تێیدا پێکهاتەی دەسەڵات بەتەواوی سەربەخۆ لە پارچە زەوییەکی تایبەتە. سەرزەمینگەرایی دیاری دەکات کە بە گوێرەی چ تایبەتمەندییەک هاووڵاتییان بەندن بە دەسەڵات؛ واتە شوێنی جوگرافییان لەناو کۆمەڵێک سنووردا. تیۆریستەکانی پەیوەندیی نێونەتەوەیی لە ڕاستیدا ئاماژەیان بە لێکچوونی نێوان سەروەری و بنەمایەکی مافناسانەی تر، واتە خاوەندارێتیی تایبەت، کردووە کە تێیدا هێڵەکان سنووری عەرد دیاری دەکەن. لە ڕاستیدا، ئەم دووە بەدیاریکراوی بەیەکەوە لە هزری تۆماس هۆبزدا گەشەیان سەند.

باسمان کرد پێناسەی گشتیی سەروەری ئەمەیە: دەسەڵاتی باڵا لەناو سەرزەمینێکدا. دەرکەوتە دیرۆکییەکانی سەروەری کەم تا زۆر هەمووکات نموونەگەلی دیاریکراوی ئەم پێناسە گشتییەن. ئەمە لە ڕاستیدا ئەو نموونانەن کە فەیلەسووفەکان و خاوەن ویستە سیاسییەکان زۆربەی کات لەسەری دواون و بانگەشەی خۆیان بۆ سەروەریی فلانە کەس و فیسارە پێکهاتەی یاسا لەسەر داڕشتووە. کەواتە بۆ تێگەیشتن لە سەروەری حەوجەیە لە ئیدعا و بانگەشەکان بۆی یان لانیکەم لە بەشێک لە گرنگترینی ئەم ئیدعایانە تێبگەین.

لە پێنجسەدساڵی پێشوودا، ئەم بانگەشانە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر فۆرمگەلی جیاوازیان بە خۆیان گرتووە؛ نەتەوەگەلێک کە داوای سەربەخۆیی لە دەوڵەتگەلی دایک دەکەن، کۆمۆنیستگەلێک کە بە شوێن ڕزگاری لە کۆلۆنیالیستەکاندان، دەنگی گەل کە لۆمە و دژایەتیی ڕژێمە لەکارلادراو و پێشووەکان دەکات، حکوومەتە ئایینییەکان کە دەسەڵاتی دەوڵەتە سیکۆلارەکان ڕەت دەکەنەوە و گەلێکی تر. ئەمە لە ڕاستیدا هێمایەکی خۆگونجێنی و لەخۆگریی دەوڵەتی سەروەرە کە وەها چەشنگەلێکی فرەجۆر لە دەسەڵاتی لە خۆیدا جێ کردووەتەوە. گەرچی هێنانی لیستەیەک لەم دەسەڵاتانە لێرەدا مەیسەر نییە، باسکردن لەو سێ ڕەهەندەی دەشێ تێیاندا لەم دەسەڵاتانە بگەین، یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ پۆلێنبەندییان: هەڵگرانی سەروەری، سروشتی ڕەها یاخود سنوورداری سەروەری، و پەیوەندیی نێوان ڕەهەندە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سەروەری.

هەروەک گوترا، دەسەڵاتگەلێکی فرەچەشن هەڵگری سەروەری بوونە: پاشاکان، دیکتاتۆرەکان، ئەوانەی بە گوێرەی دەستوور حوکمڕانی دەکەن و زۆری تریش. کەسایەتیی هەڵگری دەسەڵاتی سەردەست لەناو سەرزەمینێکدا دەشێ گرنگترین ڕەهەندی سەروەری بێت. لە سەرەتاکانی سەردەمی مۆدێرندا، تیۆریستی فەڕەنسی ژان بۆدین پێی وا بوو کە سەروەری دەبێ لە تاکەکەسێکدا جێگیر

بێت. هەم ئەو و هەمیش فەیلەسووفی ئینگلاندی تۆماس هۆبز سەروەرییان لە سەرووی یاسا دادەنا. بیرمەندانی دواتر جیاواز بیریان دەکردەوە و هاتنە وێناکردنی پێگەیەکی نوێ بۆ سەروەری، لێ دەروەست و باوەڕمەندی بنەواشەکە مانەوە.

سەروەری هەروەها دەتوانێ ڕەها یاخود سنووردار بێت. چلۆن دەکرێ سەروەری هاوکات کە سەردەست و زاڵە سنووردار بێت؟ جیا لەمە، توێژەرانێک وەک ئالان جەیمز پێیان وایە کە سەروەری تەنێ دەتوانێ هەبێ یان نەبێ، و ناتوانێ بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەبێت (James 1999, 462–4). وەلێ لێرەدا، ڕەهایەتی ناگەڕێتەوە بۆ ئاست و ڕادەی سەروەری یان سروشت و تایبەتمەندیی سەروەری، کە دەبێ هەمووکات سەردەست و زاڵ بێت، بەڵکوو ئاماژەیەکە بۆ بوار و پانتایی بابەتگەلێک کە هەڵگرێکی دەسەڵات بەسەریانەوە سەروەرە. بۆدین و هۆبز سەروەرییان بە ڕەهایی وێنا دەکرد کە بێ هیچ شەرت و مەرجێک گشت بابەتەکانی ناو سەرزەمین دەگرێتەوە و باڵ دەکشێت بەسەریاندا.

دەکرێ دەسەڵاتێک بەسەر چەند بابەتێکی ناو سەرزەمینێکدا سەروەر بێت، بەڵام نەک هەموویان. ئەمڕۆکە زۆربەی وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا دەرخەری سنوورداریین. لە حوکمڕانیی بواری بەرگریدا سەروەرن، لێ لە بوارەکانی دراو، سیاسەتی بازرگانی، و زۆربەی سیاسەتەکانی خۆشبژیویی کۆمەڵایەتیدا حوکمڕانی سەروەر نین، کە هەروەک لە یاسای یەکێتیی ئەورووپادا ئاماژەی پێ دراوە بە هاوکاریی دەسەڵاتەکانی یەکێتیی ئەورووپا بەڕێوەیان دەبەن. سەروەریی ڕەها سەروەریی شاز و نموونەیی مۆدێرنە. لێ لە چەند دەیەی ڕابردوودا، هاتووە کە لە لایەن دامەزراوەگەلێکی وەک یەکێتیی ئەورووپا، هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەستتێوەردانی ڕێگەپێدراو و دادگای تاوانی نێونەتەوەیی سنووردار بکرێتەوە.

دوایین جووت ئاوەڵناوێک کە سەروەری پێناسە دەکەن «ناوخۆیی» و «دەرەکی»ن. لەم بارەوە، ئەم دوو وشەیە نەک چەشنگەلی تایبەت و جیاوازی سەروەری بەڵکوو لایەنە جیاوازەکانی سەروەری وەسف دەکەن کە هەم بەیەکەوە و هەم لە گشت شوێنێک بوونیان هەیە. دەسەڵاتی سەروەر لەناو سنوورەکاندا، بەڵام هەروەها بە گوێرەی پێناسەکەی، لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەرەکی لەکار دەکرێت، کە دەشێ فڕیان بەسەر حوکمڕانیی ئەو دەسەڵاتە سەروەرەدا نەبێ. هەر لە سەردەمی پەیمانی وێستفالیاوە لە ١٦٤٨دا، پاش ئەوەی دەستتێوەردان لە دەسەڵاتەکان و کاروباری حوکمڕانیی وڵاتانی تر یاساخ کرا، دەوڵەت بووە بە هەڵگری سەرەکی و باڵای سەروەریی دەرەکی. تێگەی سەروەری لە یاسای نێونەتەوەییدا زۆربەی

کات ئاماژەیە بە ســەروەریی دەرەکی. ئالان جەیمز بە هەمان شـێوە سەروەریی دەرەکی بە سەربەخۆیی دەســتووری –سەربەســتیی دەوڵەتێک لە باندۆری دەرەکی بەسەر دەســەڵاتە بنەڕەتییەکانیدا– دەزانێت (James 1999, 460–462). ســەروەریی دەرەکــی تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەســتە بە دانپێدانران لە لایەن بیانی و دەرەکییەکانەوە. ئەم دانپێدانرانە بۆ دەوڵەتەکان وەک یاسای نەهێشتنی دەستدرێژی و پێشێلکردن بـۆ خاوەنداریــی تایبەت وایە –کۆمەڵێک لێکتێگەیشــتنی دوولایەنە کە ســامان، یاخــود دەوڵەت، لە دەستتێوەردانی دەرەکی دەپارێزێت. ئەمە هەروەها سەروەریی دەرەکییە کە مەرجی سەرەکیی پەیوەندیی نێونەتەوەیی جێگیر دەکات –ئانارکی، واتە نەبوونی دەسەڵاتێکی باڵاتر کە قسەی بەسەر دەسەڵاتگەلی نزمــتردا بڕ بکات. کۆمەڵە دەوڵەتێــک بەیەکەوە کە لە هەردوو ڕووی ناوخۆیی و دەرەکیدا ســەروەرن، سیستەمێکی نێونەتەوەیی پێک دێنێت کە تێیدا یەکەگەلی سەروەر هاوپەیمانی پێک دێنن، بازرگانی و ئاڵوویێر دەکەن و شەڕ و ئاشتی بەرپا دەکەن.

## ٢. سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەروەر: بیردۆز و مومارەسە

دەسەڵاتی باڵا لە ســەرزەمینێکدا؛ سەروەری لەم پێناســەیەدا تەنێ لە ڕێگەی دیرۆکەکەی دەکرێ بەوردیــتر فام بکردرێت. ئەم دیرۆکە دەکرێ وەک یەکێک لەم دوو بزاڤە بەرینە باس بکردرێت: یەکەم، گۆڕانکاری و پێشــڤەچوونێک بە درێژایی یەک ســەدە بەرەو کیشــوەرێک بە ناوی ئەورووپا، و پاشان جیهانێک، لە دەوڵەتگەلی ســەروەر؛ و دووەم، سنووردارکردنی ئیختیاراتی ڕەهای دەسەڵاتی سەروەر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا.

لە پەیمانی وێســتفالیا لە ١٦٤٨دا بوو کە ئەورووپا تێپەڕینی دوورودرێژی لە ســەدەکانی ناڤینەوە بۆ جیهانێک لە دەوڵەتگەلی سەروەر جێگیر کرد. بە گوێرەی مێژوونووس ج. ڕ. سترایەر، بەریتانیا و فەڕەنسا تا ســاڵەکانی ١٣٠٠یش زۆر وەک دەوڵەتگەلی ســەروەر وا بوون و پاشــاکانیان لە سەرزەمینگەلێک بە ســنووری دیاریکراودا خاوەن سەردەستی و زاڵێتی بوون. وەلێ دواتر تەنانەت لە سەرەتاکانی سەردەمی چاکسازیی پرۆتیستانتی لە ١٥١٧دا، ئەورووپا لە وێستفالیا دوور مابووەوە. ڕێک لەو سەروبەندەدا بوو کە هەڵگەڕانەوەیەکی مەزن لە جووڵەی مێژوو ڕووی دا، کاتێک چارلزی پێنجەمی ئیســپانیا لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت و کاستیا، ئاراگۆن و هۆڵەندای یەک خست و لە هەمان کاتدا بوو بە ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆمی و کۆمەڵێک دەســەڵاتی بەسەر مەڵبەندگەلێک لە ئەورووپای ناوەندی دەستەبەر کرد، لە کاتێکدا

دەوری جێبەجێکار و ڕاییکەری دەسەڵاتە دونیاییە هێشتا گرنگ و بەرچاوەکەی کڵێسەی کاتۆلیک لە ناوخۆی ئیمپراتۆریدا، بەتایبەت چەسپاندن و پیادەکردنی ئۆرتۆدۆکسی کڵێسەیی هەبوو. وەلێ چارلزی پێنجەم لە ناوخۆی ئیمپراتۆریدا سەروەر نەبوو، چونکە شازادەکان و بەگزادەکان لەوێندەرێ هەندێ ئیختیاراتیان هەبوو کە ئەو هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەریاندا نەبوو. لە ١٥٥٥دا، سیستەمێک لە دەوڵەتگەلی سەروەر لە پەیمانی ئاوگسبۆرگدا پێگەیەکی پڕبایەخی بەدەست هێنا، کە فۆرموڵەکەیان «قەڵەمڕەوی کێیە، ئایینی وان»[1]، ئیزنی بە شازادە ئەڵمانییەکان دا کە ئایین و باوەڕی دینیی خۆیان لەناو سەرزەمینەکەیاندا بسەپێنن. وەلێ ئاوگسبۆرگ ناسەقامگیر بوو. ململانێ و ڕکەبەریی فرەلایەنە لەسەر بڕگەکانی پەیماننامەکە بوو بە هۆی کۆمەڵێک شەڕی بەردەوام کە لە کۆتاییدا شەڕی سی ساڵەی لێ کەوتەوە، کە ئەمیش تا ساڵی ١٦٤٨ واتە کاتی پەیمانی وێستفالیا کۆتایی پێ نەهات.

چ تایبەتمەندیگەلێکی وێستفالیا کردوویەتی بە چاڤکانیی سیستەمی دەوڵەتگەلی سەروەر؟ هەڵبەت لە ڕاستیدا، گشت توێژەران لەو باوەڕەدا نین کە شیاوی وەها پێگەیەک بێت (بڕوانە Krasner 1999). لە هیچ شوێنێکی پەیماننامەکانی ڕێککەوتن سیستەمێکی دەوڵەتگەلی سەروەر یاخود تەنانەت دەوڵەت وەک یەکەی ڕەوای حوکمڕانی دیاری نەکراوە و بڕیاری لەسەر نەدراوە. بێ گومان، وێستفالیا لە هیچەوە نەبوو کە سیستەمێکی دەوڵەتگەلی سەروەری چێ کرد، چونکە خاڵە پێکهێنەرەکانی ئەم سیستەمە بۆ ماوەی چەند سەدە بەر لە ڕێککەوتنەکەوە کەڵەکە کرابوونەوە؛ هەروەتر، پاش وێستفالیایش هەندێ ناڕێکی و دۆخی نائاسایی سەدەکانی ناڤین درێژەی هەبوو. سەرەڕای ئەمە، سیستەمی دەوڵەتگەلی سەروەر لە دوو ڕەهەندی گشتییەوە، واتە هەم دەسەڵاتی یاسایی و هەم هێزی کردەیی، سەرکەوتنی بەدەست هێنا. یەکەم، دەوڵەتەکان وەک تاکە فۆرمی دەسەڵاتی دەستووریی ڕاستەقینە لە ئەورووپا سەریان هەڵدا، و چیتر ئیمپراتۆریای پیرۆزی ڕۆمی بە شێوەیەکی جیددی بەرەنگاری دەسەڵاتیان نەدەبووەوە. هۆڵەندا و سویسرا سەروەریی بێبەرهەڵستیان بەدەست هێنا، ویلایەتە ئەڵمانییەکانی ئیمپراتۆریای پیرۆزی ڕۆمی بوونە خاوەن مافی یەکگرتن و هاوپەیمانی لە دەرەوەی ئیمپراتۆری، لە کاتێکدا گەڵاڵەی هەردووکی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و سیاسەتی دەرەوەی زلهێزەکانی هاوچەرخ دەرخەری تێگەیشتنێکی هاوبەش لە سیستەمێکی دەوڵەتگەلی سەروەر بوو. دەسەڵاتە دونیاییەکانی کڵێسە ژی بە ڕادەیەک کورت و سنووردار کرانەوە کە چیتر بەرەنگاری سەروەرەیی هیچ دەوڵەتێک نەبوونەوە. لە کاردانەوەی ئەمەدا،

١. بەو واتایە کە ئایینی فەرمانڕەوا دەبووایە بەسەر بەرفەرمانەکان واتە دانیشتووانی ئاسایی ئەو سەرزەمینە فەرز بکردرێت و ئەوان ئەو ئایینە قبووڵ بکەن. -وەرگێڕ

پۆپ ئینۆسێنتی دەیەم پەیماننامەکانی ئاشتیی بە «بێبرەو، پووچەڵ، هەڵوەشاوە، زۆردارانە، نادادپەروەرانە، دزێو، قێزەون، گەمژانە و بێ واتا و بێکاریگەری بۆ هەمیشـــە» (وەرگیراو لە Maland 1966, 16) ناو برد و ئیدانەی کردن.

خاڵی دووەم، وێســـتفالیا کۆتایی بە سەردەمی دوورودرێژی دەستتێوەردان لە کاروباری ئایینی هێنا، کە تا ئەوکاتیش باوترین نموونەی پوختی مومارەســـەکراوی ئیختیاراتی ســـەروەر بوو. پاش چەند دەیە ململانێی چەکدارانە، لە کۆتاییدا گەلاڵەی پەیمانی ئاوگسبۆرگ جێگیر بوو، هەڵبەت بە وردەکاریی ساڵی ١٥٥٥ نەبوو، وەلێ بە شـــێوەیەکی کاریگەر دەسەڵاتی شازادەکان و پاشـــاکانی بەسەر ئایینیدا چەسپاند. گەرچی دەســـتتێوەردان لە کاروباری ئایینی بەتەواوی کۆتایی پێ نەهات، لێ بە ڕادەیەکی ئێجگار زۆر دەگمەن کرا، ئەمە تەواو پێچەوانەی ١٣٠ ساڵی بەر لەمە بوو، کاتێک شەڕە ئایینییەکان ئەورووپایان لێک دادڕی. کاتێک سیســـتەمی دەوڵەتگەلی سەروەر لە دەیەکانی دواتردا زۆرتر گشتگیر بووەوە، ئەم یاساخ و سەرکۆنەکردنەی دەســـتتێوەردان ژی زۆرتر پەرەی سەند و بڵاو بووەوە و بوو بە پێودانگێکی بنەڕەتیی سیستەمی نێونەتەوەیی.

هەروەک گوتمان هەموو توێژەران لەو بڕوایەدا نەبوون کە وێســـتفالیا شـــیانی پێگەی «ساتەوەختی بنیاتنان»ی هەبێت. دانیەڵ فیلپۆت لە (Philpott, 2001)دا بۆ باوەڕی ئۆرتۆدۆکسی باس و ڕاڤەی کردووە. سەرەڕای ئەمە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بەشێک لە توێژەران باسیان لەوە کردووە کە ئوستوورەی وێستفالیا پێویســـتە تێک بشـــکێندرێت و وەلا بنرێـــت (Krasner, 1999; Carvalho, Leira, and Hobson, 2011; Nexon, 2009; Osiander, 1994; Osiander, 2001; Teschke, 2009). بەگشـــتی، ئـــەم توێژەرانـــە جەخت لەوە دەکەنەوە کە توخمە گرنگەکانی دەوڵەتداری گەلێک بەر لە وێســـتفالیا بوونیان هەبووە و توخمە گرنگەکانی «هیرارکی»، یا بەرتەسککردنەوە و سنووردارکردنی سەروەری لە سەرەوەڕا، گەلێک پاش وێســـتفالیا ژی هەر درێژەی هەبوو. تەنێ هاوڕایـــی درێژماوەی توێژەران دەتوانێت دیاری بکات کە چلۆن وێستفالیا دێ بێتە ڕەچاوکردن و لالێدانەوە.

چ سیســـتەمی دەوڵەتگەلی سەروەر لە وێستفالیادا جێگیر بووبێت و لە سەردەمێکی دواتردا بیچمی تـــەواوی بە خۆی گرتبێت، یاخود هەمووکات بەدەر لە ڕەوتی باو و ســـەرەکی مابووبێتەوە، هەرچۆنێک بێت فۆرمە ســـەرەکییەکەی لە ماوەی ســـێ ســـەدەی دواتردا لە تەواوی جیهاندا بڵاو بووەوە و بە دارِمانی ئیمپراتۆرییە کۆلۆنیاڵییەکانی ئەورووپا لە ناوەڕاســـتی سەدەی بیستەمدا، کاتێک کە دەوڵەت بوو بە تاکە

فۆرمی سیاسـەت کە تا ئەوکاتە هەموو ڕووبەری خاکی جیهانی داگرتبێت، بە ترۆپکی خۆی گەیشـت. ئەمڕۆکە پێودانگەکانی سـەروەری لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتوون و بایەخیان پێ دراوە، کە بڕگەی ٢(٤)ی ئەو جاڕنامەیە هێرش بۆ سەر «سەربەخۆیی سیاسی و یەکپارچەیی خاک» یاساخ دەکات و بڕگەی ٢(٧)ی بەتوندی و ڕاشکاوی سنوور بۆ دەستتێوەردان دادەنێت.

لە کاتێکدا پاژی دووەم دێ بەوردەکاری باس لە سنووردارکردنی سەروەری لەپاش جەنگی جیهانیی دووەم بکات، ئەم ڕەوتە مێژووییە گشـتییە نابێت ئەو لایەنانەی تێیاندا سـەروەری لە سـاڵانی ڕابردوودا بەرگەی گرتووە و تەنانەت بووژاوەتەوە و گەشـەی کردووە لێـڵ و تەماوی بکات. توێژەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ڕۆڵاند پاریس لە وتارێکی گرنگدا (2020) ئەم بابەتە ڕاڤە دەکات کە سیاسەتی جیهانی وا سـەرهەڵدانەوە و سەرلەنوێ دەرکەوتنەوەی تێگەگەلی سەروەریی بەر لە وێستفالیا، لەوانە وەشانەکانی «دەروویاسـایی» و «ڕێکخراو»، بە خۆیەوە دەبینێت، کە لەگەڵ سەروەریی وێستفالیایی و پێودانگەکانی یەکسـانیی یاسـایی دەوڵەت و دەسـتوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی لێکدژ و ناکۆکـە. پاریس بۆ ئەم دەرکەوتنەوەیە لە ڕووسیای ژێر حوکمی سەرۆک کۆمار ڤلادیمیر پووتین، چینی ژێر دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار شی جین پینگ و ئەمریکای ژێر دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ بەڵگە دێنێتەوە.

کە دەوڵەتی سەروەر لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرندا پارچە بە پارچەی کیشوەری ئەورووپای داگرت و لە کۆتاییدا سیسـتەمێکی پێک هێنا کە هەموو جیهانی گرتەوە، فەیلەسـووفە سیاسییەکانی هاوچەرخ ئـەم فۆرمە لە سیاسـەتیان قبووڵ کرد و ئەو بنەمایانەی ڕەواییان بەو سیسـتەمە دەدا شـی کردەوە. ئەوان داهێنەری ئەم تێگەیە نەبوون، چونکە تەنانەت لە سەردەمانی سەدەکانی ناڤیندا، فەیلەسووفگەلێک وەک دانتە و مارسیلیوس پادوایی پاڵپشتییان لە جیابوونەوەی دەسەڵاتی دونیایی و ئایینی دەکرد کە لە ڕێگەی ڕاگواستنی دەسەڵات و ئیختیارات بۆ فەرمانڕەوای دونیایی دەستەبەر دەبوو. پاشان، لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرن دوو فەیلەسووفی تا ڕادەیەک هاوسەردەم هەبوون کە بەئاشکرایی و هۆشیارانە لەسەر سەروەری نەیاندەنووسی، بەڵام ئایدیاکانیان لە کرۆکی خۆیدا بوو بە هۆی پەرەسەندنی گرنگی تێگەکە. ماکیاڤێلی سیاسـەتی دەوڵەت-شـارەکانی لە ئیتالیای سـەردەمی ڕێنیسانس دیت و شـیی کردەوە کە شازادەیەک پێویسـتە چ بکات تا کۆمارێکی ڕوولەگەشـە لەو هەلومەرجانەی کە دەسەڵاتی سەردەستی لە ناوخۆی سەرزەمینەکەی پێ دەبەخشێت گەشە بکات. ڕوونە کە ئەو نەدەبووایە پێبەستی یاسای سروشتی، یاسای کڵێسـەیی، فەرمانەکانی ئینجیل یاخود هەر پێودانگ یان دەسـەڵاتێک بێت کـە ئەندامەکانی جیهانی

مەسـیحیەتی دەروەسـت دەکرد. بەڵکوو دەبووایە بۆ «باش نەبوون» و بۆ ئەنجامدانی خراپە ئامادە بێت، نەک لەبەر ئەوە کە خراپە چیتر خراپە نەبوو، بەڵکوو چونکە هەندێ جار پێویست بوو بۆ دەستەبەرکردنی ئاکامێک کە بۆ ماکیاڤێلی سـەرەکی و بنگەهی بوو زۆرتر پێشـڤە بچێت، ئاکامێک کە دەگاتە ئایدیای یەکخەری هزرەکەی: هێز و تەکووزی و باش ڕێکخراویی دەوڵەت. دەروەسـتیی شـازادە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بوو. ئەو لە ناوخۆی سـنوورەکانی خاکی دەوڵەتەکەدا سەردەسـت بوو و بۆ خۆشبژیویی ئەم جەستە تاکە یەکپارچەیە بەرپرسیار بوو.

مارتین لۆتەر لە گۆشـەنیگایەکی تەواو جیاوازەوە خزمەت بە سـەروەری دەکات. تیۆلۆژیای بزاڤی چاکسـازیی لۆتەر پاڵپشـتیی وەرگرتنەوەی هێزی زۆری کڵێسـەی کاتۆلیک بوو، نەتەنێ دەسەڵاتی لە کاروباری ئایینیدا، بەڵکوو ئەو دەسـەڵاتەیش کە بەپێی هەر پێناسەیەکی مۆدێرن دونیاییە. لۆتەر پێی وا بوو کە چیتر کڵێسـە نابێت وەک دامەزراوەیەکی هیرارکیی دیار ڕەچـاو بکردرێت، بەڵکوو بە کۆمەڵی نادیارانە یەکگرتووی کڵێسەگەلی خۆجێیی دەزانی کە لایەنگری دۆکترینی ڕاست بوو. کەواتە، کڵێسەی کاتۆلیـک چیتر بە شـێوەیەکی ڕەوا خاوەنی ئـەو پارچە زەوییە بەرینانە نەبوو کە باجـی بۆ وەردەگرتن، بەرگریـی لێ دەکـردن و دادپەروەریی تێدا بەرقەرار دەکردن؛ چیتر ڕەوا نەبوو بۆ سەرقەشـەکانی کە پلە و پۆسـتی دونیاییان لە سەردەمی شازادەکان و پاشاکاندا هەبێت؛ هەروەها پۆپیش نەیدەتوانی لە ڕێگەی هێزی تەکفیری حوکمڕانە سیکۆلارەکان لە کار لادات؛ و لە گشتی گرنگتر، ئیمپراتۆریای پیرۆزی ڕۆمی چیتر بۆی نەبوو یەکدەسـتیی کاتۆلیک بسـەپێنێت. کڵێسـە و ئەوانی لەژێر ناوی وییەوە دەجووڵانەوە چیتر نەیاندەتوانی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابووری بـەکار بێنن. کەوایە کێ ئەو دەسـەڵاتە چۆڵکراوەی دەگرتە دەستی؟ شـازادەکانی سەرزەمینەکان. فەیلەسووفی سیاسی ج. ن. فیگیس (72) دەنووسێت: «بە هەڵوەشانی سـەربەخۆیی کڵێسە و نەمانی دەستڕۆیشـتوویی و کاریگەرییەکەی بەسەر ڕای گشتییەکی سـەروو سـنوورەکانی سـەرزەمینییەوە، دوایین لەمپەڕ لەبەردەم یەکگرتن لەناو دەوڵەتدا هەڵگیرا.» ئەم ڕوانگەیە بوو کە لە وێستفالیادا سەرکەوت.

تیۆلۆژیای سیاسیی لۆتەر هەموو ئەمانە شی دەکاتەوە. ئەو فێری کردین کە لەژێر دەسەڵاتی خودادا، دوو بەستێن بە دوو فۆرمی حکوومەتەوە بوونی هەیە. «قەڵەمڕەوی ڕۆح» ئەو بەستێنە بوو کە تێیدا مەسیح بە ڕۆحی کەسی ئیماندار گرێ دەدرایەوە. قەڵەمڕەوی جیهان بەستێنی کۆمەڵگەی سیکۆلار بوو کە تێیدا دەسەڵاتدارانی سـیڤیل لە ڕێگەی یاسـا و زۆرلێکردن دامەزراوە حکومییەکانیان بەڕێوە دەبرد. هەردوو

قەڵەمڕەوەکـە چاکـەی ئیمانداراانیان پتر دەکرد، لێ هەرکام بە تێگەیشـتنی جیاواز؛ ئـەم دوو قەڵەمڕەوە دەبووایە بە شـێوەیەکی جیاواز ڕێک بخرێن. ڕێبەرانی کڵێسـە ئەرکگەلی مەعنەوییـان ئەنجام دەدا و شازادەکان، پاشـاکان و دادوەران ئەرکە دونیاییەکان. شازادەکان کە لە هێزی پۆپ و کڵێسەی کاتۆلیک ڕزگار ببوون و دەسەڵاتی شیاوی دونیاییان لە ناوخۆی قەڵەمڕەوەکەیان گرتبووە دەست، ئیتر بە شێوەیەکی کارا سـەروەر بوون. لەو سـەردەمەدا، شـازادەکان تەنانەت کۆنترۆڵێکی بەرچاویان بەسەر کڵێسەکانی پرۆتێستانتدا هەبوو و هەروەک لە دۆکترینی «ئەراسـتیانیزم»دا ڕوون کرابووەوە، دەسەڵاتی دیاریکردنی سـەرکردە ناوچەییەکانیان هەبوو. گەرچی نە لۆتەر و نە ڕیفۆرمخوازە پرۆتێستانتەکانی تر بەوردی باسیان لە دۆکترینی سـەروەری نەدەکرد، گشت ناوەرۆکەکەیان بۆ شـازادەکان دیاری کردبوو. دیسان فیگیس دەڵێت: «یەکێتی و گشتگیرێتی و دروستیی بنەڕەتیی دەوڵەتی سەرزەمینیی سەروەر و ڕەتکردنەوەی هەر چەشن و فۆرمێکی ژیانی بەکۆمەڵی سەربەخۆ یا سەروو سنوورەکانی سەرزەمینی، پشکی هەرمانی لۆتەر لە سیاسەتدایە.» (91)

بێ گومان، یەکەم فەیلەسووفە مۆدێرنەکانی تر بەئاشکرایی پاڵپشتییان لە دۆکترینی سەروەری دەکرد، و بەم پێیە زۆر گەرموگوڕتر پەیوەندییان لەگەڵ دەگرت. فەیلەسووفی فەڕەنسی ژان بۆدین یەکەم فەیلەسووفی ئەورووپـی بوو کـە بە بەربڵاوی هاتە سـەروکاری ئەم تێگەیـە. تێگەی سـەروەریی (*souveraineté*) بۆدین وەک تێگەیەکی سـەرەکی لە بەرهەمەکەی بە ناونیشانی *De la république*دا ڕەنگی دایەوە، کە ئەو بەرهەمەی لە سـاڵی ١٥٧٦دا لە سـەردەمێکدا کە فەڕەنسا بە دەستی شـەڕی ناوخۆیی نێوان هوگنۆتە کالڤینیسـتەکان و پاشایەتیی کڵێسە شـر ببوو نووسی. ئەو کێشـەی تەکوزیی بە کێشەیەکی بنەڕەتی و سەرەکی دەزانی و پێی وا نەبوو لە ڕێگەی تێگەگەلی کۆنەباوی سەدەکانی ناڤینی کۆمەڵگەیەکی دابەشبوو بکرێ چارەسـەر بکردرێت، بەڵکوو تەنێ لە ڕێگەی تێگەیەک چارەسەر دەکرا کە تێیدا فەرمانڕەواکان و بەرفەرمانەکان لە تاکە جەستەیەکی سیاسیی یەکپارچەدا یەک دەخران کە لە سەرووی هەر یاسایەکی مرۆیی و لە ڕاستیدا سەرچاوەی یاسای مرۆیی بوو. ئەم تێگەیە سەروەری بوو. تەنێ دەسەڵاتێکی سەردەست لە ناوخۆی سەرزەمینێکدا دەیتوانی کۆمەڵێکی لێک دابڕاو و دابەشبوو بەهێز بکات.

بەدڵنیاییەوە، بۆدین پێی وا بوو کە ئەو جەسـتەیەی سـەروەری وەگەڕ دەخات گرێدراو بە یاسـای سروشـتی و خوداییە، هەر بۆیەش هیچ یاسایەکی مرۆیی نەیدەتوانی هەڵسەنگاندن یان پێداچوونەوەی بۆ بکات. سـەیرتر لەمەیش، ئەو هەروەها وای دەڕوانی کە سەروەرییەک کە بەدروستی لەکار بکردرێت

ڕێزی مافگەلی نەریتی و مافی خاوەندارێتی دەگرێت. ڕوون نییە کە چلۆن وەها کۆسـپ و بەربەستێک دەکرێ لەگەڵ پێگەی سەردەستی دەسەڵاتی سەروەر بگونجێندرێت. دەشێ بۆدین وای بیر کردبێتەوە کە وەها مافگەلێک دەبێ تایبەتمەندیی ڕژێمێکی یاسـایی بن کە خۆی بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تر سەروەرە. لە ڕاستیدا، هەروەها پێی وا بوو کە فۆرمی حکوومەتێک کە کار بە دەسەڵاتی سەروەر دەکات دەبێ بە شـێوەیەکی یاسایی لە نێوان فۆرمەکانی پاشـایەتی، ئاریستۆکراسی و دیموکراسی بگۆڕدرێت، هەرچەند خۆی پاشـایەتیی بە لاوە باشتر بوو. هەر چۆنێک بێت، جەسـتەی سەروەر بە هەر شێوەیەک هاتبێتە بەرچاو و لێکدانەوەی بۆ کرابێت، لەناو قەڵەمڕەوی خۆیدا پاشکۆ و لەژێر دەسەڵاتی هیچ یاسا یا دەسەڵاتێکی مرۆیی دەرەکی نەبوو. ف. هـ. هینسلی دەنووسێت:

> لە کاتێکدا کە کۆتاییهێنان بە ناکۆکی و تێکهەڵچوونی دەسەڵاتداران و بەرفەرمانان ببوو بە پێویستییەک، [بۆدین] تێگەیشت –و ئەمە شاکارێکی هزریی مەزن و شوێندانەر بوو– کە ئەو ململانێیە تەنێ بە مەرجێک چارەسەر دەبێ کە ئەو ئەگەرە سەر بگرێت کە هەم بوونی هێزێکی حوکمڕانیی بێ ئەملا و ئەولا بێسنوور جێگیر بکردرێت و هەم ئەو هێزە لە ملهوڕی و سەرەڕۆییەک جیا بکرێتەوە کە ئازادانە گشت یاسا و ڕێساکان پشتگوێ بخات. ئەو ئەم کارەی بە بنیاتنانی هەردوو بابەتی یاسـاییبوونی ئەم هێـزە و ئاوەزمەندیی چاودێریکردنی ئەو بەربەسـتانە بە ئەنجام گەیاند کە لەمپەڕ بوون لەبەردەم بەکارهێنانی دروست و شیاوی لەسەر ناوەڕۆک و سروشتی جەستەی سیاسی، وەک کۆمەڵگەیەکی سیاسیی پێکهاتوو لە حوکمڕان و بەرفەرمانان –و دەربڕینی وی لە سـەروەری تاکە ئاکامی ڕێتێچووی پێویست بوو. (125–124)

«لێدوانی سەروەری»ی بۆدین یەکەم لێدوانی سیستەماتیک لە فەلسەفەی مۆدێرنی ئەورووپیدا بوو، و بەو پێیەش شیاوی پێگەیەکی گرنگ و بەرچاوە.

فەیلەسـووفی ئینگلاندی تۆماس هۆبزیش لە سـەردەمی شـەڕی ناوخۆییدا دەینووسی و ئەویش هەر گەیشـتە ئەو قەناعەتە کە بیرۆکەی سـەروەری بە ڕێگەچارەیەک بزانێـت. لە لای هۆبز، خەڵک لە ڕێگەی گرێبەستێک کە تێیدا گشت مافەکانیان گواستبووەوە بۆ لیڤیاتان، کە هێمای تێگەی ئابستراکتی دەوڵەت بوو، دەسـەڵاتی سەروەریان بنیات نا. ویسـتی لیڤیاتان قسەی کۆتایی و زاڵ لە حوکڕانیدا بوو و نوێنەرایەتیی ویستی ئەوانەی دەکرد کە مافەکانیان بۆی گواستبووەوە. وەک تێگەی دەسەڵاتی سەروەری

بۆدین، لیڤیاتانی هۆبز ژی لە سـەرووی یاسـا بوو؛ خوایەکی میرا کە بێبەری و ئازاد لە هەر دەسـتوور یا دەروەسـتبوونێکی گرێبەسـتی لەگەڵ هەر لایەنێکی دەرەکی بوو. هۆبزیش وەکـوو بۆدین پێی وا بوو کە دەسـەڵاتی سـەروەر دەبێ لە ئاسـت خودا و بە ئەگەری زۆر بە جۆرێک لە ئاست یاسای سروشتی بەرپرسیار بێت. ئەگینا، یاسا فەرمانی حوکمڕانی سەروەر بوو، کە لە ویستی وییەوە سەرچاوەی دەگرت، و گوێڕایەڵبوون پێی ئەرکێکی ڕەها بوو.

هەردووکی بۆدین و هۆبز بە دەسـەڵاتی باڵا باسـیان لە سـەروەری دەکرد. ئەم تێگەیە هێشـتایش وەک گریمانەی حوکمڕانیی سیاسـی لە دەوڵەتدا لە سەرانسـەری جیهان پشکی شێری هەیە، بۆ نموونە لەو شـوێنانەی کە جەستەی سەروەری یاسایی، حکوومەتی سـنووردار و مافگەلی مەدەنی بۆ تاکەکان جێگیر دەکات. بە درێژایی چەند سـەدە، تێگەیشـتنی نوێ لە هەڵگرانی سـەروەری گەشەی سەندووە. ڕوسـۆ، کە گەلێک جیاواز لە بۆدین و هۆبز بیری دەکردەوە، گەلی بەکۆمەڵی ناو دەوڵەتێکی بە سەروەر دەدیت کە لە ڕێگەی ویستی گشتییەکەی حوکمڕانی دەکات. لە حکوومەتی دەستووریدا ئەمە گەلە کە بەپێی جەستەیەکی یاسایی کە سەروەرە دەسەڵات دەبات بەڕێوە. لە دونیای ئەمڕۆدا ئەمە باوترین وەشانی حوکمڕانیی ڕەوایە.

سەرەڕای ئەمەیش وەشانگەلێک لە سـەروەری کە لەوەی هۆبز یان بۆدین سەرچاوەیان گرتووە لە سـەدەی بیسـتەمدا هاتوونەتە ئاراوە. بۆ نموونە، فەیلەسووف و مافناسـی ئەڵمانیی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کارڵ شمیت، بەڕوونی بۆ کارەکانی ئەم دوو فەیلەسووفە دەگەڕێتەوە و کەڵکیان لێ وەردەگرێت. کتێبەکەی کە لە سـاڵی ١٩٢٢دا بڵاو بووەتەوە بەم ڕسـتەیە دەست پێ دەکات: «سەروەر ئەو کەسەیە کە بڕیار لەسـەر ڕەوشـی ئاوارتە دەدات» (وەرگێڕانی G. Schwab, 1985). شمیت لای وابوو کە سەروەر لە سـەرووی هەر یاسـایەکی دەسـتوورییە و دەبێ بتوانێت لەسـەر ناوی چاکەی دەوڵەت لە سەردەمی ڕەوشـی نائاسـاییی (تەنگەتاوی) «بڕیار بدات». ئەو ڕێزێکی ئەوتۆی بۆ دەستوورخوازیی لیبراڵ نەبوو، کە بە تێفکرینی وی بۆ ڕێگریکردن لە ململانێ و شـەڕی دەسـەڵات کە سیاسـەت سەروکاری لەگەڵ هەیە، بەتـەواوی ناکارامە و ناتەواوە. هەر چۆنێک بێت ئاماژەیەکی بچووک هەیە کە شـمیت، لانیکەم لەم بەرهەمەدا، لەو بڕوایەدا بووبێت کە سـەروەر بشـێ بە یاسای خودایی یان یاسای سروشتی سنووردار بکردرێت. دەستوورخوازیی لیبراڵیی کۆماری وایماری ئەڵمانیا بەڵگەی سەرەکیی وی بۆ ئەم باوەڕە بوو؛ لە دەیەی ١٩٣٠دا بەخەسـتی و بەگوڕم پشـتیوانیی لە ڕژێمی ناسـیۆنال سۆسیالیست کرد، ڕژێمێک کە

دەسەڵاتەکانی باری نائاسایی تەنێ ئەوانە بوون کە ئەو بە پێویستی دەزانین.

## ٣. سنووردارکردنی دەوڵەتی سەروەر: بیردۆز و مومارەسە

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی جیهانیی سەروەری، کە لە لایەن فەیلەسووفانی سیاسی ڕاڤە کراوە و تەنانەت پەسن دراوە، بووە بە یەکێک لە تۆکمەترین و سەرکەوتووترین ڕەوتە سیاسییەکانی سەردەمی مۆدێرن. وەلێ سەروەری ژی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانیەوە هەم بەرەوڕووی کەسانی دڕدۆنگ و بەگومان پێی و هەم لایەنگر و پشتیوانانی لێهاتوو بووەتەوە، کە زۆرێکیان هەر بانگەشەیەکی جەستەی یاسا بۆ ڕەوشی سەروەریان بە چەشنێک بتپەرستی دەزانی، و هەندێ کات وەک قەڵغانێک کە لە پشتی ویدا دەسەڵاتداران، بە پارێزراوی لە پشکنینی ڕەوای دەرەکی، ستەم و زۆرداری و نادادپەروەری ئەنجام دەدەن. لە ڕاستیدا لە پاش هۆلۆکاست بوو کە بەربەستگەلی یاسایی و دامەزراوەیی گرنگ بۆ سەروەری سەری هەڵدا، کە زۆربەی ئەم بەربەستانە مافەکانی دەوڵەتگەلی سەروەریان بە ڕادەیەکی بەرچاو کورت کردووەتەوە. دوو لە بەرتەسککردنەوە گرنگەکان بڕیارنامەی مافەکانی مرۆڤ و بڕیارنامەی یەکگرتنی وڵاتانی ئەورووپییە.

لە ساڵی ١٩٤٨دا بوو کە زۆربەی هەرەزۆری دەوڵەتەکان جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤیان واژۆ کرد و خۆیان دەرووەست بە ڕێزگرتن و ڕەچاوکردنی زۆرتر لە ٣٠ مافی جیای تایبەت بە تاک کرد. بەو پێیەی ئەم جاڕنەمەیە لەڕووی یاساییەوە تەوزیمی نەبوو و هیچ مەرجێکی بۆ بەپێویستکردنی بەجێهێنانی تێدا نەبوو، جاڕنامەکە سەروەریی دەوڵەتانی بێخەوش هێشتەوە، وەلێ ئەمە یەکەم هەنگاو بەرەو بەستنەوەیان بە دەرووەستیگەلی نێونەتەوەیی و گەردوونی لەمەڕ کاروباری ناوخۆییان بوو. بە تێپەڕینی چەند دەیەیەک، ئەم مافی مرۆڤە دێ لە تەنانەت پێگەیەکی بەهێزتری یاسایی بەهرەمەند بێت. یەک لە پتەوترین بڕیارنامەکانی مافەکانی مرۆڤ، کە بەڕاستی لە ڕێگەی میکانیزمەکانی دادوەریکردنی، سەروەری، تەنانەت گەر لە ئاستێکی کەمیشدا بێت، سنووردار و بەرتەسک دەکاتەوە بڕیارنامەی ئەورووپی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکانە کە لە ساڵی ١٩٥٠دا پێک هێندرا. هەر لەو سەروبەندەدا کە بڕیارنامەی جینۆساید لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨دا واژۆ کرا و وڵاتانی واژۆکەری دەرووەست بە خۆدوورکردنەوە لە ئەنجامدانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی کرد. دواتر لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٦٠دا، دوو بڕیارنامە –بڕیارنامەی مافەکانی مەدەنی و سیاسی و بڕیارنامەی مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری–

بە شـــێوەیەکی یاسایی دەســـتی زۆربەی وڵاتانی جیهانیان بەست تا ڕێز لە مافەکانی مرۆڤی گەلی خۆیان بگرن. دیسانەکە، دەسەڵاتەکانی دەستووریی واژۆکەران تا ڕادەیەکی زۆر بێخەوش مایەوە، چونکە ئیزنیان نەدەدا هیچکام لەم دەروەستییانە سەروەرییان پێشێل بکات. بڕیارنامەکانی تری مافەکانی مرۆڤ ژی کە لە لایەن زۆرینەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان واژۆ کراون هەر لەگەڵ وەها مەرجگەلێک بەرەوڕوون.

تەنێ شێوازێک لە مومارەسەی مافەکانی مرۆڤ کە پشتیوانیی داسەپاندنی سەربازی یاخود ڕێوشوێنی پتـەوی دەزگای دادی هەبێت دێ بە شـێوەیەکی جیددی سـنوور و بەربەسـت بۆ سـەروەری دانێت. پێشـڤەچوون لەم ئاراستەدا پاش شەڕی سـارد لە ڕێگەی پیاچوونەوەی مێژوویی بە پەیمانی وێستفالیادا دەستی پێ کرد، و بەربەست بۆ نۆرمێک، واتە دەستوەرنەدان، دادەنێت کە لە ڕێگەی خاڵەکانی پەیماننامەکە بەتەواوی پەرەی سـەندبوو. لە کۆمەڵە هەنگاوێکدا کە لە ١٩٩٠ دەسـت پێکران، نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی تر هەنگاوێکی کردەیی سیاسـییان، کە زۆربەی کات هێزی سەربازییشی دەگرتەوە، پەسـند کرد کە پێشـتر ڕای زۆربەی دەوڵەتان لەمەڕ ئەمە بوو کە دەستتێوەردانی نایاسایی و ناڕەوا لە کاروباری ناوخۆییە. ئەم هەوڵانە بریتی بوون لە پەسندکردنی دەستبردن بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ چارەسـەری نادادپـەروەری لە ناوخۆی سـنوورەکانی دەوڵەتێک یاخود لـە دەرەوەی بەڕێوەبەریی ناوەندە خۆجێییەکانی وەک ئۆپەراسـیۆنی پۆلیس. بەپێچەوانەی ئۆپەراسـیۆنەکانی پاراستنی ئاشتی لە ماوەی شـەڕی سارددا، ئەم ئۆپەراسیۆنانە بەزۆری ڕەزامەندیی حکوومەتی ئەو دەوڵەتەی لە پشت نەبوو کە بووەتە ئامانجی. لەم چەشنە ئۆپەراسیۆنانە لە عێراق، یووگۆسلاڤیای پێشوو، بۆسنیا، کۆسۆڤۆ، سۆماڵیا، ڕواندا، هایتی، کەمبۆدیا، لیبێریا، لیبیا و چەند شـوێنێکی تر ڕوویان داوە. گەرچی ڕەوایی و ئاوەزمەندیی دەسـتتێوەردانی بەتەنیایی وڵاتێک زۆربەی کات لە نێوان وڵاتان جێی مشتومڕە –بۆ نموونە، بۆمبارانی عێراق لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ لە لایەن ئەمریکاوە و دەستتێوەردانی ناتۆ لە کۆسۆڤۆ نەیانتوانی پشتیوانی و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی ئاسایشـی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستەبەر بکەن، هەروەک هێرشی ئەمریکا بۆ سـەر عێراق لە ٢٠٠٣دا ژی نەیتوانی– وەلێ پێ دەچێت کە هەوڵی کردەیی و مومارەسـەی بەربڵاوی دەسـتتێوەردان، هەر وا پشتیوانیی بەرفرەی لە ئەنجومەنی ئاسایشـی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی تر هەبێت.

بانگهێشتێکی ئاشکرا بۆ پێداچوونەوە بە تێگەی سەروەری بە شێوازێک کە ئیزنی ئەو دەستتێوەردانانە بدات کـە لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە پشـتیوانیی لێ کرابێت، بە بەڵگەنامەی «بەرپرسـیارێتیی

پاراســتن» هاتە ئاراوە کە بەڵگەنامەیەک بوو کە لە ســاڵی ٢٠٠١دا لە لایەن «کۆمیســیۆنی نێونەتەوەیی دەســتتێوەردان و ســەروەریی دەوڵەت» نووسرا و بەرهەم هێنرا. ئەم کۆمیســیۆنە لــە لایەن حکوومەتی کەنەداوە بە ڕاســپاردەی کۆفی عەنان، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ساز درا. ئەم بەڵگەنامەیە پێشــنیازی پێداچوونەوەیەکی قووڵ بەو تێگە کلاسیکە دەکات کە بە هۆیەوە سەروەری «بەرپرسیارێتیی پاراستن» دەگرێتەوە کە بەرپرسیارێتییەکە لە لایەن دەوڵەتێکەوە لە ئاست هاووڵاتییانی، بەرپرسیارێتییەک کە لەو کاتانەی کە دەوڵەتێک دەســت بۆ نادادپەروەرییەکی مەزن دەبــات یاخود ناتوانێت پارێزگاری لە هاووڵاتییانی بکات دەشــێ بیانییەکان بیگرنە ئەستۆیان. بەرپرســیارێتیی پاراستن سەرنجی بەربڵاوی نێونەتەوەیی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و وەک مانیفێستێک بۆ تێگەیەکی سەروەری کار دەکات کە ڕەها نییە و مەرجدارە بە دەروەستیگەلی دەرەکی.

ڕێگەیەکی تر کە تێیدا ســەروەری ســنووردار دەکرێتــەوە یەکگرتوویی وڵاتانــی ئەورووپییە. ئەم ئایدیایە ژی لە کاردانەوە بە هۆلۆکاست سەری هەڵدا، کارەساتێک کە زۆربەی سەرکردە ئەورووپییەکان هۆکارەکەیــان لانیکــەم تا ڕادەیەک بــۆ نەبوونی بەرپرســیارێتی و وەڵامدەرنەبوونی دەوڵەتی ســەروەر گەڕاندەوە. بە شــێوەیەکی مێژوویــی، تامەزرۆترین لایەنگرانــی یەکگرتوویی ئەورووپا لە ڕاســتیدا لە حیزبەکانی دیموکرات مەســیحیی کاتۆلیک بوونە، کە ئایدیاڵەکانیان لە مەســیحیەتی سەدەکانی ناڤین ســەرچاوە دەگرێــت، کە بە گوێرەی، لانیکەم لە تیۆریدا، هیچ ســەرکردەیەک ســەروەر نەبوو و هەموو ســەرکردەکان لە ئاست کۆمەڵێکی گەردوونی لە بەهاکان وەڵامدەر و بەرپرسیار بوون. بە زمانی مۆدێرنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراســی، ئەوان ڕەنگدانەوەی ســەرکۆنەکردنی پەیمانی وێستفالیا لە لایەن پۆپ ئینۆسێنتی پێنجەم بوون.

یەکگرتوویی ئەورووپا لە ســاڵی ١٩٥٠دا دەستی پێکرد، کاتێک کە شەش دەوڵەت لە پەیماننامەی پاریســدا «کۆمەڵــی ڕەژوو و پــۆڵای ئەورووپا»یــان پێــک هێنا. ئەم کۆمەڵەیە دەســەڵاتی هاوبەشــی نێونەتەوەیی بەســەر پیشەسازیی ڕەژوو و پۆڵای ئەم شەش وڵاتەدا چەســپاند کە بریتی بوو لە کۆنترۆڵ و چاودێریی ڕاپەڕاندن لە ڕێگەی بیرۆکراســی هەمیشەیی و نەگۆڕ و ئەنجومەنێکی بڕیاردەری وەزیران کە لە وەزیرانی دەرەوەی هەرکام لەم شەش وڵاتە پێک هاتبوو. ڕێک ئەم مۆدێلە لە پەیماننامەی ڕۆما لە ساڵی ١٩٥٧دا بۆ هەرێمێکی ئابووریی گشتی پەرەی پێ سەندرا. بە زیادکردنی دامەزراوەیەکی دادگەری، واتە دادگای دادی ئەورووپی، و ناوەندێکی یاســادانان، واتە پەرلەمانی ئەورووپا، کە دامەزراوەیەک بوو

کە ئەندامەکانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە سەرانسەری ئەورووپادا هەڵدەبژێردران، پتەوتر کرا. بە تێپەڕینی کات، یەکگرتوویی ئەورووپا بەربڵاوتر بووەتەوە، بە شێوەیەک کە ئێستاکە ئەم دامەزراوەیە ٢٧ ئەندام لە خۆ دەگرێت، و هەروەها قووڵتریش بووەتەوە، بەم جۆرە کە لە پەیماننامەی ماستریخت لە ساڵی ١٩٩١دا دەســەڵاتەکانی ئەم دامەزراوەیە بەرفرە کران و وەک یەکێتیــی ئەورووپا داڕێژرایەوە. یەکێتیی ئەورووپا، بەبێ جێگرەوەبوون بۆ دەوری دەوڵەتان، لایەنە گرنگەکانی سەروەریی ئەو دەوڵەتانە لە دامەزراوەیەکی «ســەروونەتەوەیی»دا کە تێیدا ئازادیی کردەیان ســنووردار دەکرێتەوە، «ئاوێتە دەکات و کۆ دەکاتەوە» (Keohane & Hoffman 1991). ئەوان چیتر بە ڕەهایی ســەروەر نین. لە ســاڵانی ڕابردوودا، پرۆسەی یەکگرتوویی ئەورووپا لە چەند لایەنێکی گرنگەوە درێژەی بە پێشڤەچوون و گەشەی خۆی داوە. لە ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩دا، پەیماننامەی لیسبۆن هاتە جێبەجێکردن و بە بەهێزکردنی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی ئەورووپا، هاوبەشکردنی سەروەری پتر کرا و نوێنەرایەتیی باڵای یەکێتیی ئەورووپا بۆ کاروباری دەرەوە و سیاسەتی ئەمنی دامەزرێندرا تا نوێنەرایەتیی هەڵوێستی یەکگرتووی یەکێتیی ئەورووپا بکات و جێبەجێکردنی جاڕنامەی یەکێتیی ئەورووپا بۆ مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی یاسایی تەوزیم بکات. ســەرەڕای ئەمەش، زەخت و گوشارەکان بۆ ســەر یەکگرتوویی ئەورووپا لە ساڵانی ڕابردووشدا دەرکەوتوون. پەیماننامەیەک بۆ چێکردنی دەستوورێک بۆ ئەورووپا لە ساڵی ٢٠٠٤دا لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتیی ئەرووپا واژۆی بۆ کرا، وەلێ گەلی فەڕەنسا و هۆڵەندا لە گشتپرسییەکدا کە لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجام گیرا دەنگیان پێ نەدا و ڕەت کرایەوە و پێش بە پەسندکردنی گیرا. پاشان لە ٢٠١٦دا، گشتپرسییەک لە بەریتانیا بەڕێوە چوو کە ئاکامەکەی ســەرکەوتنی دەنگی کشانەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا بوو کە بە «برێگزیت» ناسراوە.

ئــەم ســنووردارکردنەی دەوڵەتی ســەروەر، لە ڕێگــەی نۆرمگەلــی نێونەتەوەیــی و دامەزراوەی ســەروونەتەوەیی، بە هەمان شێوە لە لایەن فەیلەسووفانی هاوچەرخیش کە پەلاماری تێگەی سەروەریی ڕەها دەدەن، ئەنجام گیراوە. هزری وان بەتەواوەتی نوێ نییە، چونکە تەنانەت لە ســەرەتاکانی سەردەمی مۆدێرندا، فەیلەســووفگەلێک وەک هوگۆ گرۆتیوس، ئالبێریکۆ جێنتیلی و فرانسیسکۆ سوارێز، گەرچی دەوڵەتیان وەک دامەزراوەیەکی ڕەوا قبووڵ بوو، پێیان وا بوو کە دەســەڵاتی دەبێ ســنووردار بێت، نەک ڕەها. بۆ نموونە، شازادەیەکی زۆردار دەشێ ببێتە ئامانجی هەوڵی کردەیی تەمێکردن لە لایەن شازادەکانی دراوسێی، کە زۆر وەک تێگەگەلی هاوچەرخی دەستتێوەردانی مرۆڤدۆستانەیە.

دوو لە بەرچاوترین هێرشـــەکانی ســـەر سەروەری لە لایەن فەیلەســـووفانی سیاسی لەپاش جەنگی جیهانیـــی دووەمەوە، لە پەنجاکانـــی زایینی، لە لایـــەن بێرتراند دی جووڤێنێـــڵ و ژاک ماریتەینەوە بوو. جووڤێنێڵ لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی بە ناوی *ســـەروەری: لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ چاکەی سیاسی*، کە لە ساڵی ١٩٥٧دا بڵاو بووەوە، دان بەمەدا دەنێت کە سەروەری تایبەتمەندییەکی گرنگی دەسەڵاتی سیاسیی مۆدێرنە کە بۆ دامرکاندنی ململانێکانی ناوخۆی دەوڵەت و بۆ چڕکردنەوەی هاوکاریی گشتی لە بەرگری دژی بیانییەکاندا پێویســـتە. وەلێ ئەو بەتوندی و ڕژدی ئیدانەی تێگەی مۆدێرنی ســـەروەری دەکات کە دەســـەڵاتدارێک چێ دەکات کە لە ســـەرووی ڕێســـاکانە، دەســـەڵاتدارێک کە فەرمان و حوکمەکانی بەســـانایی دەبێ یاســـایی و ڕەوا ڕەچاو بکردرێن، چونکە لە ویســـتی وییەوە ســـەرچاوەیان گرتووە. لای جووڤێنێڵ ســـەروەری لە هۆبزدا بە ترۆپکی خۆی گەیشت، کە «لە تێگەیشتنی ڤێزەون و کرێتیدا هەموو شـــتێک دەگەڕێتەوە ســـەر ئامرازەکانی بەربەستدانان کە دەســـەڵاتی دەرکردن و دیاریکردنی مافەکان و ســـەپاندنی یاساکان بە هەر شێوازێک حەزی لێ بێت بە دەســـەڵاتداری سەروەر دەبەخشێت. وەلێ ئەم ئامرازانەی بەربەستدانان خۆیان کەرتێک لە هێزگەلی کۆمەڵایەتین کە لە دەستی دەسەڵاتداری سەروەردا چڕ بوونەتەوە» (197). بیرمەندانی دواتر وەک لاک، پوفێندۆرف و ڕۆســـۆ، سەرەڕای جیاوازییان لەسەر چەق و فۆرمی ســـەروەری، «دەبووایە تەڵەکە و هەڵفریواندنی ئەم پێکهاتە میکانیکییە شـــازە هەست پێ بکەن» (198). جووڤێنێڵ دەنووســـێت، ئەمە «خۆی لە خۆیدا کاتژمێری سەروەری» بوو، کە بە گەیشتنی «ئەستەمە لەمەوبەدوا کەسێک ئازایەتی و بوێریی ڕەتکردنەوەی هەبێت» (198).

هەروەک لە باســـەکەی لەمەڕ هۆبز دەردەکەوێت، جووڤێنێڵ بە مەترســـییەکی مەزن لە سەروەریی ڕەهای مۆدێرنی ســـەرەتاکان دەڕوانێت و دەنووســـێت: «ئەمە خۆی ئایدیایەکە کە پڕمەترســـییە» (198). بەڵام لەبری ئەوەی داوای هەڵوەشـــاندنەوەی تێگەکە بکات، لەســـەر ئەم بۆچوونەیە کە دەبێ سەروەری بە شـــێوەیەک ئاراستە بکردرێت کە ویستی دەسەڵاتی سەروەر سنوور و چوارچێوەی ڕەوا تێپەڕ نەکات. ئەخلاق بەدەر لەوەی چلۆن لە لایەن دەســـەڵاتی سەروەرە پێناسە دەکرێت، باوەڕپێکراویی سەربەخۆی هەیە. ئەو بە هانابردن بۆ ڕوانگەی «بیرمەندانی کریســـتیان» باس لەمە دەکات کە «هەندێ ویســـت هەن کە دادپەروەرانەن و هەندێ ویســـت هەن کە نادادپەروەرانەن» (201). کەواتە، «دەســـەڵات ئەو ئەرکەی لەســـەرە کە شـــتێک حوکم بکات کە دەبێ حوکم بکردرێت» (201). ئەمە ئەو تێگەیشتنە لە دەسەڵاتە کە ڕژێمەکانی پێشـــوو هەڵگری بـــوون، کە تێیدا ڕاوێژکارانـــی کاریگەر و بەباندۆری پاشـــا دەیانتوانی هەوڵەکانی بەرەو چاکەی گشـــتی ئاراستە بکەن. ئەمڕۆکە چ شتێک دەتوانێ ویستی دەسەڵاتی سەروەر

ئاراستە بکات؟ وا دەردەکەوێت کە جووڤێنێڵ بەگومان بێت لەوەی کە دارشتنی دەزگای داد یا دەستوور بەتەنیایی سەرومڕ بێت. بەڵکوو هیوا بە تێگەگەلی ئەخلاقیی هاوبەشی هاوولاتییان دەبەستێت، کە وەک بەربەست و لەمپەڕێک لە هەمبەر بژاردەکانی دەسەلاتی سەروەر کار دەکات.

ژاک ماریتاین لە پاژی دووەمی بەرهەمە هەرمانەکەی بە ناونیشانی *مرۆڤ و دەوڵەت* کە ساڵی ١٩٥١ بڵاو کراوەتەوە، هاوسۆزی و لایەنگرییەکی زۆر کەم بۆ سەروەری پیشان دەدات، تەنانەت بە ڕادەی لایەنگرییە مەرجدارەکەی جووڤێنێڵیش نا:

> ڕوانگەی من ئەوەیە کە فەلسەفەی سیاسی دەبێ وشە و هەروەها تێگەی سەروەری تووڕ هەڵدات: نەک چونکە تێگەیەکی لەبرەوکەوتوویە، یان بە هۆکاری بیردۆزێکی کۆمەڵناسانە-دادگەرییانەی «یاسای ئۆبجێکتیڤ»؛ و نەتەنێ چونکە تێگەی سەروەری کێشەی چارەسەرنەکراو و گیروگرفتی تیۆری لە بواری یاسای نێونەتەوەیی بە دوای خۆیدا دێنێت؛ بەڵکوو چونکە ئەم تێگەیە، لە واتای ڕاستەقینەی خۆیدا، و لە سۆنگەی ئەو بوارە زانستییە گونجاوەی کە تێیدا پێناسە کراوە، واتە فەلسەفەی سیاسی، لە کرۆکی خۆیدا هەڵەیە و گەر بەردەوام بین لە کەڵک لێ وەرگرتنی، بە لاڕێماندا دەبات -بەو گریمانەیە کە ماوەیەکی دوورودرێژە و بە ڕادەیەکی زۆرە کە قبووڵ کراوە کە بە شێوەیەکی ڕێگەپێدراو ڕەت بکرێتەوە، و لە ئاماژە و واتا شاراوە هەڵەکانی نائاگان کە بەشێکن لە ناوەرۆک و سروشتی. (29-30)

هەڵەی بۆدین و هۆبز لە تێگەیشتنیان لە سەروەری بە وێنەی دەسەلاتێک بوو کە گەل تاسەر و یەکجارەکی بۆ یەکەیەکی دەرەکی، کە لێرەدا پاشایە، گواستوویانەتەوە و ڕادەستیان کردووە. دەسەلاتی سەروەر لەجیاتی نوێنەرایەتیکردنی گەل و وەلامدەر و بەرپرسیاربوون لە هەمبەری، بوو بە یەکەیەکی پێگە بەرزتر کە خاوەنی مافی بەرز و مسۆگەر و بێبڕانەوەی حوکمڕانی بەسەر گەلدایە، سەربەستانە و بێ گەڕانەوە بۆ ئەوان، لەجیاتی نوێنەرایەتیکردنی گەل و وەلامدەربوون پێیان. ماریتاینیش هاوشێوەی جووڤێنێڵ، بۆ پیاهەڵدان و بەرزکردنەوەی پێگەی ویستی دەسەلاتداری سەروەر، بە جۆرێک کە ڕێک ئەو شتەیە کە بەرژەوەندییەکانی دابین دەکات، بەداخەوەیە. ئەمە بتپەرستی و پەسندانی بێ ئەملا و ئەولایە. هەر شێوە ڕاگواستنی دەسەلاتی جەستەی سیاسی چ بۆ بەشێک لە خۆی و چ بۆ یەکەیەکی دەرەکی -دەزگای دەوڵەت، پاشایەک، یان تەنانەت گەل- ناڕەوایە، چونکە دروستێتی و ئیعتباری حکوومەت ڕەگوڕیشەی

لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ یاسای سروشتیدایە. سەروەری سێ ئاڵۆزی و ناکارامەیی لێ دەکەوێتەوە. یەکەم، ڕەهەندە دەرەکییەکەی یاسای نێونەتەوەیی و دەوڵەتێکی جیهانی لە بار دەبات، کە ماریتاین ئێجگار لایەنگری هەردووکیانە. دووەم، ڕەهەندە ناوخۆییەکەی سەروەری، واتە دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت بەسەر جەستەی سیاسیدا، سەنترالیزمی لێ دەکەوێتەوە، نەک پلوورالیزم. سێیەم، دەسەڵاتی سەردەستی دەوڵەتی سەروەر لەگەڵ تێگەی دیموکراتیی بەرپرسیارێتی و وەڵامدەربوون ناتەبا و دژە.

ئارگیومێنتەکانی ماریتاین، وەک فەیلەسووفێکی کاتۆلیک، هاوشێوەی فەیلەسووفە کریستیانەکانی سەرەتای ئەورووپای مۆدێرنە کە سەروەریی ڕەها دەگرنە بەر ڕەخنە. ئەوان کە بینەری سەرهەڵدانی یەکەی تۆکمەی دەوڵەت بوون، بە شوێن سنووردارکردن و بەرتەسککردنەوەی هێز و دەسەڵاتەکەیدا بوون. ئەوان پێشینیانی ئەو کەسانەن کە ئەمڕۆکە لەژێر ناوی مافەکانی مرۆڤ، مافی لەباربردنی جینۆساید و کارەسات، و مافی بەهاناوەچوونی دەرەکی، لەژێر ناوی دادگای تاوانی نێونەتەوەیی، و لەژێر ناوی یەکەیەکی سەروونەتەوەیی کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و حوکمڕانیی کەرتی ئابووری، و لەوانەیە لە ئێستادا، کاروباری سەربازی دەگرێتە دەست، دەخوازن سنوور بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت دیاری بکەن.

بابەتی سنووردارکردنی سەروەری لە نەریتی کاتۆلیک و نەریتەکانی تری مەسیحیەت هەر بە بەهێزی ماوەتەوە. بۆ نموونە، پۆپ بێنێدیکتی شازدەیەم لە لێدوانەکەی ساڵی ٢٠٠٨یدا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بابەتی بەرپرسیارێتیی پاراستنی هێنایە بەر باس. لە ساڵانی ڕابردوودا، فەیلەسووفگەلی سیاسیی سەر بە نەریتی لیبراڵیش باسی سنووردارکردنی سەروەرییان هێناوەتە گۆڕ. وەک دوو نموونە دەتوانین ئاماژە بە تۆماس پۆگ (1992، و 2008, 174-201) و ئالێن بوکانان (2004) بدەین. هەردووکیان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە سەروەری دۆخێکی ئەخلاقیی گرنگە بەڵام ڕەها نییە و بە شوێن ئەوەوەن کە شوێن بۆ ئەگەرگەلێکی وەک دەستتێوەردانی مرۆڤدۆستانەی دانپێدانراو لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرەسەندنی پتەوتری دامەزراوە جیهانییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری بکەنەوە.

## ژێدەرەکان

Bartelson, J., 1995. *A Genealogy of Sovereignty*, Cambridge: Cambridge University Press.

Bodin, J., 1992. *On Sovereignty: Four Chapters From Six Books of the Commonwealth*,

Cambridge: Cambridge University Press.

Brown, Wendy, 2010. *Walled States, Waning Sovereignty*, Brooklyn: Zone Books, 2010

Buchanan, Allen, 2004. *Justice, Legitimacy, and Self-Determination*, Oxford: Oxford University Press.

de Carvalho, Benjamin, Halvard Leira and John Hobson, 2011. 'The Myths That Your Teachers Still Tell You about 1648 and 1919,' *Millennium*, 39(3): 735–758.

Elshtain, Jean Bethke, 2008. *Sovereignty: God, State, and Self*, New York: Basic Books.

Figgis, J. N., 1907. *From Gerson to Grotius 1414–1625*, 2nd edition; reprinted, Cambridge: Cambridge University Press, 1916.

Fowler, M. R. and J. M. Bunck, 1995. *Law, Power, and the Sovereign State*, University Park, PA: Penn State Press.

Grimm, Dieter, and Belinda Cooper, 2015. *Sovereignty: The Origin and Future of a Political and Legal Concept*, New York: Columbia University Press.

Grotius, H., 1625. *The Rights of War and Peace*, London: M. Walter Dunne, 1901.

Hinsley, F. H., 1986. *Sovereignty*, second edition, Cambridge: Cambridge University Press.

Hobbes, T., 1651. *Leviathan*, Harmondsworth: Penguin, 1968.

International Commission on Intervention and State Sovereignty: Report, 2001. *The Responsibility to Protect*, International Development Research Centre Publications [Preprint available online].

Jackson, Robert, 2007. *Sovereignty: The Evolution of An Idea*, Cambridge: Polity Press.

James, A., 1986. *Sovereign Statehood*, London: Allen & Unwin.

James, A., 1999. 'The Practice of Sovereign Statehood in Contemporary International Society,' *Political Studies*, 47(3): 457–473.

de Jouvenel, B., 1957. *Sovereignty: An Inquiry Into the Political Good*, Chicago: University of Chicago Press.

Kallis, Aristotle, 2018. 'Populism, Sovereigntism, and the Unlikely Re-Emergence of the Territorial Nation-State,' *Fudan Journal of the Humanities and Social Sciences*, 11(3): 285–302.

Kalmo, Hent, and Quentin Skinner, 2014. *Sovereignty in Fragments: The Past, Present, and Future of a Contested Concept*, Cambridge: Cambridge University Press.

Kantorowicz, E., 1957. *The King's Two Bodies: A Study in Medieval Political Theology*, Princeton: Princeton University Press.

Keohane, R. O. and S. Hoffmann, 1991. 'Institutional Change in Europe in the 1980s,' in *The New European Community: Decisionmaking and Institutional Change*, R. O. Keohane and S. Hoffmann (eds.), Boulder: Westview Press.

Krasner, S. D., 1999. *Sovereignty: Organized Hypocrisy*, Princeton: Princeton University Press.

Kratochwil, F., 1989. *Rules, Norms, and Decisions: On the Conditions of Practical and Legal Reasoning in International Relations and Domestic Affairs*, Cambridge: Cambridge University Press.

Luther, M., 1523. *Temporal Authority: To What Extent It Should Be Obeyed*, Philadelphia: Westminster Press, 1967.

Machiavelli, N., 1532. *The Prince and the Discourses*, New York: The Modern Library, 1950.

Maland, David, 1966. *Europe in the Seventeenth Century*, London: Macmillan.

Maritain, J., 1951. *Man and the State*, Chicago: University of Chicago Press.

Nexon, Daniel H., 2009. *The Struggle for Power in Early Modern Europe: Religious Conflict, Dynastic Empires, and International Change*, Princeton: Princeton University Press.

Osiander, Andreas, 1994. *The States System of Europe, 1640–1994*, Oxford: Clarendon Press.

Osiander, Andreas, 2001. 'Sovereignty, International Relations, and the Westphalian Myth,' *International Organization*, 55(2): 253–254.

Paris, Roland, 2020. 'The Right to Dominate: How Old Ideas About Sovereignty Pose New Challenges for World Order,' *International Organization*, 74(3): 1–37.

Pavel, Carmen, 2014. *Divided Sovereignty: International Institutions and the Limits of State Authority*, Oxford: Oxford University Press.

Philpott, D., 2001. *Revolutions in Sovereignty: How Ideas Shaped Modern*

*International Relations*, Princeton: Princeton University Press.

Pogge, T., 1992. ‘Cosmopolitanism and Sovereignty,’ *Ethics*, 103: 48–75.

Pogge, Thomas, 2008. *World Poverty and Human Rights*, 2nd. edition, Cambridge: Polity Press.

Schmitt, Carl, 1922. *Politische Theologie: Vier Kapitel zur Lehre von der Souveränität*, München und Leipzig: Verlag von Duncker & Humblot; translated as *Political Theology: Four Chapters on the Concept of Sovereignty*, G. Schwab (trans.), Chicago: The University of Chicago Press, 1985.

Spruyt, H., 1994. *The Sovereign State and Its Competitors*, Princeton: Princeton University Press.

Teschke, Benno, 2009. *The Myth of 1648: Class, Geopolitics, and the Making of Modern International Relations*, London: Verso.

Wilks, Michael, 1964. *The Problem of Sovereignty in the Later Middle Ages*, Cambridge: Cambridge University Press

Wolff, R. P., 1990. *The Conflict Between Authority and Autonomy*, Oxford: Basil Blackwell.

## ژێدەرەکانی تری سەر تۆڕی ئینتەرنێت

- “Something Happened. Sovereignty and European Integration”, by Adrián Tokár, preprint of article in *Extraordinary Times*, Institut für die Wissenschaften vom Menschen, Junior Visiting Fellows Conferences, Vol. 11: Vienna 2001
- “State sovereignty and the protection of fundamental human rights: an international law perspective”, by Alain Pellet (University of Paris X-Nanterre, member and former Chairman of the International Law Commission of the United Nations)
- Popular Sovereignty, by John F. Knutsen